


# فێربوون کاڵا نییه!

## خۆپیشاندانی قوتابیان له دژی باجی فێربوون،دەستیپێکردەوه!

### ئەی له کوردستان؟!

**سه‌لام عه‌بدوڵڵا**




پێش ماوەیه له سایتێکدا، هەواڵی دامەزراندنی زانکۆیێکی نوێ له سلێمانی، خوێندەوه. یەکێك له دامەزرێنەرەکانی، به شانازییەوه باسی ئەوەی دەکرد که لەم زانکۆیه، مامۆستاکان هەموویان خەڵکی وەڵاتیترن و زمانی سەرەکیش، ئینگلیزیه. ئەوەی بییەوێ لەو زانکۆیه بخوێنێ، دەبێ ساڵانه(3000)ئۆیرۆ بدا-ڕەنگه زیاتریش! حکومەتی *ئەوبەر*، له نزیك فرۆکەخانەکەی سلێمانی، زەویشیان بۆ تەرخان کردووه! بەڵێ، پەتای چاوچنۆکی لیبرالیزمی نوێ، وەك برووسکه، کوردستانیشی گرتووەتەوه. ئەم هەنکاوه، لەلایەکەوه بەشێکه له بەرنامەی نیولیبرالەکان بۆ دامەزراندنی(زانکۆی ئیلیته-نوخبه) و لەلایەکیترەوه، خاوەن دەسەڵاتەکان دەیانەوێ فێربوون و پەروەرده له ئەرکی کۆمەڵایەتی دەوڵەتەوه بکەن به کەرتێکی تایبەت، واته درزی ناو کۆمەڵکەی چینایەتی ئەوەندی تر قوڵتر و بەرینتر بکەن: منداڵی هەژارەکان له کوێ و چۆن دەتوانن، بۆ فێربوونیان، ساڵانه ئەو بڕه پارەیه بدەن به خاوەن کار و دەڵاڵەکانی کەرتی تایبەتی زانست؟!. بۆ نموونه، داهاتی ساڵانەی هەر یەك لەم دێهاتانه(قەرەئەنگوێ، قومورغان، قەمچۆغه، چۆغماغ، گاپیلۆن، میلان و کانی چایله)چەنده، تا ئەو بڕه دراوه بۆ فێربوونی منداڵەکانیان خەرج بکەن؟ ڕەنگه دەڵاڵەکان بڵێن(مەرج نییه لەم زانکۆیه بخوێنن، با بچن بۆ زانکۆیەکانی تر!).




خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان ئەرك و بەرپرسیارییەکی زۆر گەوره کەوتووەته ئەستۆ و دەبێ له ئاستی ئەو ئەرکه بن، نا تەنها لەبەر خۆیان، بەڵکو لەبەر نەوەی خوێندکارانی دواڕۆژیشدا!

دوێنێ و ئیمڕۆ(26. 1)، له شاری مانهایم، لاییزك، هامبۆرك و هانۆڤەر خۆپیشاندانیان بەرێخست و له شاری بریمن، یەکەم پێکدادانی دەستەویەخە له نێوان پۆلیس و خوێنکاران دەستی پێکرد.

لەبەر ئەوەی پۆلیس،"سومبلی ڕێکخستنی ئەم" شارستانییەت!، ئازادی! دیموکراسی و مافی مرۆڤە!"یە، بۆیە گازی فرمێسکرژ لە دژی قوتابییە"تێکدەرەکان"، بەکارهێنا. پۆلیسی شاری بریمن بە دڕی ناوبانگیان دەرکردووە، ئەوە نییە لە 2004/12/27، پەنابەرێکی سیرالیونی(میا کۆندی، 35ساڵ) لەناو بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی شاری ناوبراو، خنکێندرا و ڕێکخراوە دژە فاشیستەکان و بیرۆی دژی ڕاسیزم لە بریمن، لە 2005/1/15 لە دژی ئەو تاوانە خۆپیشاندانیان کرد.(بڕوانە وێنەکەی سەرەوە)

لە ڕۆژانی داهاتوو، بەرەی ئەم بەرگرییە، بە مانگرتن، داگیرکردن، خۆپیشاندان و ئەکتسیونی جەماوەریتر ڕێکدەخرێ. شایانی باسە، ئەم بەرگرییە لە ساڵانی ڕابردوو لە زانکۆکانی هۆڵەندا، ئەسپانیا، نەمسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا و بریتانیا دەستپێکردووە، و ئێستا ئیتر گەیشتووەتە ئەم قۆناغە و هیچ دوور نییە، ئەزموونی 68 بە شێوەیەکیتر دووبارە بێتەوە.




خوێنکاران لە 3/2لە هەموو زانکۆ، پەیمانگا و قوتابخانەکانی باکووری ئەڵمانیا، خۆپیشاندان دەکەن.

نموونەیەکی زۆر بچوك و بێ وەی(ئەم پۆلیسە شارستانییە، گازی دڕژێنێ بە دەموچاوی خوێنکاران)

# هەر وەك دوێنێ، دەبێ ئیمڕۆ و سبەی هەمان سلۆنگی ڕۆز لۆکسمبۆرك بەرزبکەینەوە:

# سۆسیالیزم یان بەربەرییەت!